**نووسینی: زانا**

## پوختە باسێك دەربارەی
# سۆسیال دیموکراتی

**پاییزی**

**٢٠٠٧**

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)

سلێمانی ـ گەڕەکی ئەندازیاران ـ ١٠٥

کۆلانی ـ ٣٢

ژ.خانوو ـ ١٠

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

* **ناوی کتێب:** سۆسیال دیموکراتی
* **ناوی نووسەر:** زانا
* **نەخشەسازیو بەرگ:** فەهمی جەلال
* **تایپ:** لیزان سامی
* **تیراژ:** ٢٥٠٠ دانە
* چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠٠٧
* **ژمارەی سپاردن:** (٩٦١) ی ساڵی ٢٠٠٧
* **ژمارەی زنجیرە:** (٢٤٤ )
* **چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی**

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك). ساڵی ٢٠٠٧

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

## پێشەکی:

بیری سۆسیال دیموکرات، ئەمڕۆ لەسەرانسەری جیهاندا، زۆرترین جەماوەرو لایەنگری هەیەو بەباشترین ڕێگە دادەنرێت بۆ پرۆسەی نوێبوونەوەو ئاشتیانەی کۆمەڵو دادپەروەری کۆمەڵایەتی. مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك) بەم زنجیرە لێکۆڵینەوەیە، دەیەوێت، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەم بیروباوەڕە ئاشنا بکات.

ئێمە ئێستا بەرەو کۆنگرەی سێیەم دەچینو دەمانەوێت پێش بەستنی کۆنگرە دەرگای لێدوانو دیالۆگ لەسەر بیری یەکێتی بخرێنە سەر پشت. سەرەتا بەبلاوکردنەوەی زنجیرەیەك کتێبو نامیلکە دەست پێدەکەینو پاشان کۆنفرانسێك لەسەر بیری (ی. ن. ك)، کە بتوانێت هەرچی پەیوەندی بەبیری یەکێتییەوە هەیە بۆ کۆنگرە گەلاڵەی بکاتو لەوێ دوا بڕیاری لەسەر بدرێت.

ڕاستیەکی گشتی زانراوە، بیروباوەڕ لەناو کۆمەڵدا، بەبەردەوامی لەململانێو زۆرانبازیدایە. هێزێکی سیاسی



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

دەبێ لەبواری بیردا زۆرایەتی بەدەست بهێنێتو توانای سەلماندنو بڕواپێبوون، مسۆگەر بکات، ئینجا دەتوانێت سەرکەوتنی سیاسی دەستەبەر بکات.

بیری سیاسی بۆ ئێمە، ئەمڕۆ لەهەموو ڕۆژێکی تر، گرنگترە. سستیو کەمتەرخەمیو پشتگوێ خستنی بیر زیانی گەورە لەخەباتی ئێمە دەدات.

**مەکتەبی بیرو هۆشیاری**

**(ی. ن. ك)**

**٢٠٠٧/١٠/١**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## تێبینییەکی پێوست:

ئەم بابەتەی بەردەستتان کە پوختە باسێکە دەربارەی سۆسیال دیموکراتی لەژمارە (١)ی گۆڤاری رێبازی نوێی ساڵی ١٩٩٣ بەناوی زاناوە بڵاوکراوەتەوە، لەراستیدا ئەو بابەتە چەند محازەرەیەك بووە لەپەیمانگای کادران پێش کەش کراوەو پاشان نوسراوەتەوە، هەر بۆیە زیاتر نووسینەکە بە شێوازی محازەرەیە. لەبەرگرنگی بابەتەکەو بۆ زیاتر ئاشناکردنی هەڤاڵانی رێکخستن بەبیری سوسیال دیموکرات بەباشمان زانی لەزنجیرەی یەکەمی بیری سوسیال دیموکراتدا وەك مەکتەبی بیروهۆشیاری جارێکی تر بڵاوی بکەینەوە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

# پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموكراتی



مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەوەتەی لەناو كۆمەڵی مرۆڤدا زوڵمو زۆرداریو خوێن مژین پەیدا بووە، دژایەتی زۆرداریو خوێنمژینیش لێیانەوە پەیدا بووە. لەو ناكۆكییەی كە لەنێوان زۆرداران‌و خوێنمژان لەلایەك، زۆرلێكراوان‌و خوێنمژراوان لەلایەكی ترەوە، لەو ناكۆكییەوە خەباتێك هاتۆتە كایەوە. واتە ئەو خەباتە مێژووكردەو دەستكردنەبووە. واتە خەباتێكی بابەتییە بە ناچاری روودەدا.

جا لەو خەباتە بابەتییە مێژوو كردە بە ناچارییەوە ململانێیەك پەیدا دەبێ كە زۆر لەكۆنەوە زانایان‌و پیاوچاكان بیروڕای جیاجیاو بۆچوونی جۆراو جۆریان هەبووە لەسەری. هەندێكیان وتویانە ئەو خەباتە ململانێی نێوان چاكەو خراپەیە، حەق‌ورەواییە، هی دادو زۆردارییە. لەئیسلامی خۆماندا ناوی «طغیان»و «مستضعفین» هاتووە.

لەئەورووپاش زۆر دەمێكە، بگرە هەر لەزەمانی یۆنانی كۆنەوە، لەو خەباتە دواون. زۆریشیان بیر لەنەهێشتنی زۆرداریو چەوساندنەوەو خوێنمژین كردۆتەوە. هەر چەندە بەشێوەی جیاوازو بەجۆرێك بووە كە لەگەڵ ئاستی گەشەكردنی كۆمەڵایەتی‌و پێشكەوتنی زانیاری هەر سەردەمە جۆرێك بوو بێت. واتە نەتواندراوە لێكدانەوەو

مەکتەبی بیروهۆشیاری

شیکردنەوەی دیاردەی زۆرداریو خوێنمژینو چەوساندنەوەکە یان چارەکردنیان بۆ یان، لەجغزی هەلومەرجەکانی زەمانو گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو فیکری سەردەمەکە دەرچێت یان پێشبینییەکی دوور بینانەی راستو رەوای وردو تێرو تەسەلیان بۆ بکەن. ئاواتی رزگارکردنی مرۆڤیش لەهەموو زۆرداریو ناخۆشییەکانیو لەچەوساندنەوەو کوێرەوەرییەکانی هەر هاتووە بەبیری پیاوچاکو زاناکاندا.

لەرۆژهەڵاتی ئێمەدا دینی پیرۆزی ئیسلام زۆر بەتوندی دژایەتی زۆرداریو زۆردارانی کردووەو ئەرزی بەمیراتی پیاوچاکانی بەندەی خودا داناوەو کاروباری حوکمڕانیشی بە زۆر لێکراوانو رەنجدەران رەوا بینیوە، ((........ ونريد ان نمن على الذين استضعفوا في الارض ونجعلهم ائمة ونجعلهم الوارثين........)) وەك لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە. بەڵام ئیسلام بەڵێنی بەهەشتی لەو دنیا بەخەڵك داوە. كە لەبەهەشتدا هەموو خۆشییەك، هەموو جۆرە خواردەمەنیەك هەموو جۆرە خۆشگوزەرانییەك بەشەرابی (خواردنەوەی) پاکیشەوە، بە پەری زۆر جوانیشەوە بۆ ئینسان دابین کراوە بەهەموو جۆرە رەوشتو خوی پاکو نایابیشەوە، لەئەوروپاشدا کەسانێك پەیدا بوونە داوای



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەهەشتی سەرزەمینیان بۆ خەڵك کردوە. ئەوانە داوای ئەوەیان کردوە کە هەموو مرۆڤ پێکەوە کاربکەنو وەك یەکیش بەخۆشی بژین، بێ ئەوەی کەس زوڵم لەکەس بکات یان کەس خوێنی برای خۆی بمژێتو کۆمەڵێکی یەکسانی بەختەوەری بێ فرتوفێڵو زوڵمو زۆرو درۆو دەولەسەو داوێن پیسی دروست ببێت. ئەوانە ویستوویانە بەشەر لە ((کۆمیوّن))ی واتە کۆمەڵ ـ ئا ئەوها رێك بخەنو کۆببنەوە ـ هەر لەووشەی (کۆمیوّن)یشە کۆمۆنیزم پەیدا بووە کە بەعەرەبی بەشیوعیەت ناو براوە.

شیوعیەتی سەرەتایی زۆرتر خەیاڵپلاو بووە، ویستو ئارەزووی پیاوچاکانی سەردەمو ئاواتو ئومێدی دوژمنانی زۆرداریو چەوساندنەوە بووە، ئەو جۆرە شیوعیەتە چەند سەد ساڵێك پێش مارکسو ئەنگلز باسی لێ کراوە بەتایبەتی لەکتێبی ((یۆتۆپیا)) تۆماسو ((شاری رۆژ))ی کامپانێللادا کە لەسەدەکانی شانزەو هەڤدەدا نووسراون. هەروەك بیرو بۆچوونی ئاشکرای شیوعیەتیش لەلایەن ((موریللی))و ((مایلی))یەوە لەسەدەی هەژدەمیندا دەربراوون. ئینجا وردە بیروباوەڕی یەکسانی ـ وەك یەکی ـ هاتە کایەوە، لەسەرەتادا لەمافی سیاسیدا پاشان لەمافەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیشدا، تا ئەو رادەیەی کە نەك هەر داوای

مەکتەبی بیروهۆشیاری

نەهێشتنی ئیمتیازاتی چینایەتی دەکرا، بەڵکو داوای نەمانی جیاوازی چینایەتیش کرا.

پاشان سێ تۆباوییە زلەکان پەیدابوون سان سیمۆن‌و فۆریەو روبیرت ئۆوین، ئەو سێ بیرکەرەوە مەزنانە خۆیان بەنوێنەری هیچ چینێك بە کرێکارانیشەوە دانەدەنا، بەڵکو داوای رزگارکردنی هەموو مرۆڤایەتییان دەکرد بەیەکجاری‌و بەیەك هەنگاو، داواکەش بە بانگەوازو ئامۆژگاری‌و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی مرۆڤدۆستان‌و وەك یەکییەوە نەوەستا، بەڵکو ئۆوین کاری گەیاندە رادەی داواکردنی نەهێلانی جیاوازییە چینایەتیەکانیش‌و خۆشی دەستی کرد بە دروستکردنی کۆمیۆنێکی نوێی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی، کە تێیدا زۆر چاککردنی کۆمەڵایەتی‌و پێش خستنی لەژیان‌و گوزەرانی بەشداربووەکانی کۆمیۆنەکاندا پێك هێنا.

١ـ لەساڵی (١٨٠٠)ی میلادییەوە رۆبیرت ئۆوین سەرپەرشتی (نیولانارك)ی گرتە ئەستۆ کە لەئوسکوتلەندە کارگەیەکی گەورەی چنینی پەمۆ بوو. خەڵکەکەی (نیولانارك) کە ٢٥٠٠ کەس دەبوون‌و لەکەسانی جۆراو جۆر پێکهاتبوون‌و زۆریشیان لات‌و گەجەرو گوجەر بوون کەچی توانی بیکاتە کۆمیۆنێکی نمونەیی کە هیچ جۆرە گێچەڵ‌و



مەکتەبی بیروهۆشیاری

شەڕو خواردنەوەی سەرخۆشانەو رەوشتی خراپی تێدا نەبوو. خەڵکەکەی رۆژی لەجیاتی ١٤ سەعات هەردە سەعات کاریان دەکردو ژیان‌و گوزەرانیان دابین کرا بوون‌و لەکاتی بێ ئیشیشدا موچەکەیان هەر وەردەگرت‌و منالەکانیان باغی خۆیان‌و خوێندنگەی خۆیان هەبوو.

بەم جۆرە بەکردەوە، بەڵام لەچوارچێوەیەکی تەسك‌و پەرژین کراودا ئۆوین شیوعیەتەکەی خۆی بەکردەوە بەدی هێنا، هەروەك هەوڵیشیدا کە چەند کۆمیۆنی شیوعیانە بۆ نەهێشتنی کوێرەوەری لەئێرلەندا دروست بکات، بەڵام ئۆوین وردە وردە هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە ((٣)) کۆسپی گەورە رێگری گۆڕاندنی کۆمەڵی مرۆڤن: موڵکداری تایبەتی، ئایین (مەسیحی)و شێوەی ژنهێنانی ئەوسا. جا کە چوو بەگژ ئەو سێ کۆسپەدا لەهەموو لایەکەوە پەلاماری درا، لەلایەن حکومەت‌و خانەدانەکان‌و کەنیسەو کاربەدەستانەوە ـ رۆژنامەکانیش خۆیان لێ کەڕو لاڵ کرد. ئەویش رووی کردە ئەمریکا بۆ دانانی کۆمیۆنی تر. لەوێ هەموو سەروەت‌و سامانەکەی خۆشی لەسەر دانا‌و تێشکا، ئینجا رووی کردە چینی کرێکاران‌و لەناویاندا درێژەی بە چالاکییەکانی خۆیدا.

شایانی باسە کە ئەوسا هەموو دەسکەوت و سەرکەوتنەکانی چینی کرێکار مۆری ئەویان پێوە بوو. لەساڵی ١٨١٩داو لەئەنجامی هەوڵ و کۆششی ئەو دوای پێنج ساڵ خەبات، یەکەمین قانوونی سەعات دانان بۆ کاری ژن و منالان لەکارگەکان داندراو یەکەمین کۆنگرەی نەقابەکانی کرێکارانی ئینگلیز بەسەرۆکایەتی ئۆوین بەسترا، بۆ گواستنەوە بۆ سیستەمێکی شیوعیانەی تەواو چەندین کۆمەڵی بەرهەم هێنان و ئیستیهلاکی تەعاونی (هەرەوەزی) دروست کرد، کە هیچ نەبێ ئەوەیان سەلماند کە دەکرێ دەست لەبازرگان و سەناعیەکان هەڵگیرێت.

٢- سان سیمۆن رۆڵەی شۆڕشی فەرەنسە بوو، پێی وابو کە شۆڕشەکە سەرکەوتنی چینی سێیەمینە (واتە زۆربەی گەل کەسەرگەرمی بەرهەم هێنان و کەسابەت و بازرگانین) بەسەر دوو چینە بێ کارو ئیشنەکەرەکەی کۆمەڵ (واتە خانەدان و شازادەکان و توێژی ئەکلیرۆسی دینی). بەڵام زۆری نەخایاند دەرکەوت کە سەرکەوتنەکە هی هەموو چینی سێیەمین نەبوو، بەڵکو هی بەشێکی بچوکیان بوو کە ئەویش بۆرژوازییە هەبووەکان بوون. کەچی سان سیمۆن لای وابوو کە ناکۆکییەکە لەنێوان ئیشکەران و ئیشنەکەراندایە کە دەکەنە: هەموو کرێکاران و بازرگانان و پیشەسازەکان و



خاوەن بانکەکان لەلایەک و خانەدان و شازادەکان و ئەکلیرۆسەکان و هەموو ئەوانەی بێ ئەوەی کاربکەن سوودیان دەست دەکەوێت. بەڵام سان سیمۆن لەهەموو شتێك زیاتر پەرۆشی «چینی هەرەوەزو هەرە هەژارەکە بوو»، لەراستیشدا لەبۆچوونەکانی سان سیمۆندا شتێکی نوێی گرنگ هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە ناکۆکییەکە هەر لەنێوان خانەدان و سەرمایەدارەکان دانییە، بەڵکو نەدارو نەبووەکانیش بەشێکن لێی. لەساڵی ١٨١٦دا هاتە سەر ئەو باوەڕەش کە «سیاسەت عیلمی بەرهەمهێنانە» و وای پێشبینی کرد کە ئابووری (اقتصاد) سیاسەت هەڵدەلووشێ، واتە گەلاڵەی ئەو بۆچوونەی کرد کە وەزعەکانی ئابووری ژێرخانی دەزگا سیاسیەکانن. هەروەها وردەوردە هاتە سەر ئەو باوەڕەش کە حوکمڕانی دەبێ ببێتە «بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و ڕێبەری کردنی بەرهەم هێنان» واتە گەڵای بیری «لابردنی دەوڵەت».

جا گەر سان سیمۆن بلیمەتێك بوو بێت لەبیروبۆچوونەکانیدا بۆ جۆرێك پێنجەکانی بیرە نائابووریە رووتەکانی تێدا بەدی بکرێن کە پاشان ئیشتراکیەکان - سۆسیالیستەکان - نیشانیان داوە گەلاڵەیان کردووەو خەملاندویانە.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

٣ـ فۆریە رەخنەیەکی توندو تیژ بەدی بکەین لەرژێمی کۆمەڵایەتی ئەوسا، رەخنەیەك کە بەچاکی یەخەی بۆرژوازیەت دەگرێتو دەچێتەوە بەگژ چڵکاو خۆرو پارێزەرەکانی. بێ باکانە پەردە رادەماڵێت لەروی کلۆڵیو زۆرداری مەعنەویو مادی دنیای سەرمایەداریو هەموو فرتو فێڵەکانو درۆو دەلەسەو چاوبەستیەکانی سەرمایەداری دەداتە بەر شەنەبای رەخنەو گاڵتە پێ کردنو ریسوا کردن. فرتوفێڵو قوڵبڕینەکانی بازاڕو گیانە ساختەچییەکەی بازرگانیو چەوساندنە جۆراو جۆرەکانیان ریسوا دەکات. کە دەچێتە سەر ئەو شێوەی بۆرژوازی پەیوەندیەکانی نێوان ژنو پیاوو وەزعی ژنانی کۆمەڵی بۆرژوازیش دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ((رادەی رزگاری گشتی هەر کۆمەڵێك لەرادەی رزگاری ژناندا خۆی دەنوێنی)).

فۆریە کە دەگاتە سەر جۆری تێگەیشتنی خۆی لەمێژووی کۆمەڵ، مەزنییەکی تەواو نیشان دەدا. ئەوسا ئەو کۆمەڵ وا دادەنێت کە بە چوار قۆناغدا تێپەڕیوە: دڕندایەتی، پاتریارکی، بەربەریەت، شارستانیەت. نیاز لەشارستانیەکەی ئەو رژێمە کۆمەڵایەتییە کە لەسەدەی شانزەمینەوە گەشە دەکات. واتە رژێمی سەرمایەداری، کە پێی وایە ئەو رژێمە هەموو سووکایەتیو خراپەکانی



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

بەرامبەریەتی بە چەندین قات پیستر هێشتۆتەوە، هەر چەندە پەچەی ریاو دوڕوییو فرتوفێڵیشی بەسەردادابن.

بەڵام بۆچی ئەو سێ پیاو چاکە، دڵسۆزو بە پەرۆشە بۆ خەڵكو هەڵکەوتەو هۆشیاری سەردەمی خۆیان نەیان توانی بچنە قوڵایی کۆمەڵەوەو هەموو ناکۆکیو خەباتەکانی ناوجەرگەی کۆمەڵ دیارو ئاشکرا بکەنو رێگەی گەشەکردنو بۆ پێشەوە چوونی ئەو خەباتو ململانێیەش دیاری بکەن کە لێیانەوە پەیدا بوونە؟ سەبارەت بەوەی کە:

١ــ ئەوسا هێشتا سەرمایەداری بەتەواوی گەشەی نەکردبوو، هێشتا ئوسلوبی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری نەخەملی بوو. هێشتا پەیوەندییەکانی چینایەتی نەخەملی بوون. بۆیە بێ گومان دەبوایە بیروباوەڕی نەخەملێویش لێینانەوە پەیدا بێتو تیۆری ناخەملێوو ناتەواو لێینانەوە دەرچن. ((چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی، هێشتا لەناو تۆێی پەیوەندیەکانی ئابووریدا کە نەخەملێوو نەمەیوو بوون، هەر قەتیس مابوون.)) واتە پەیوەندیەکانی ئابووری هێشتا کاڵو کرچو دەڵەمەبوون، گیروگرفتەکانیشی لەناو تۆێی ئەو پەیوەندییە ئابوورییە کاڵو کرچەدا شاردرابوونەوە: بۆیە چارەسەرکردنیان لەرووی زانیاریو واقیعیەوە نەدیاربوو نەدەزانرا. بۆیە هەر دەبوایە لەمێشکی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مرۆڤدا بەشێوەی بۆچوون‌و تەخمین‌و خەیاڵ لـێ کردنەوەو هـەڵهێنان رەنـگ بداتـەوە، ((رژێمـی کۆمەڵایـەتیش پـڕ بـوو لەکەموکورتی‌و شورەیی‌و خراپە: لابردنیشیان هـەر کێشەی هۆش‌و عەقڵی بیرکـەرەوە بـوو)). واتـە هـەردەکرا باسـی ئـەو هـەموو کـەموکورتی‌و شـورەییانەی کۆمەڵایـەتی بکرێـت‌و خراپـەکانیان نیـشان بـدرێت: ئـەویش هـەر بـەبیر لـێ کردنـەوەو هـۆش‌و عـەقڵی رووت‌و قـوتی مـرۆڤ کـە هـیچ رووداوێکی دیارو خەمڵیوی ئەوتۆش لەبەر چاو نـەبێت کـە نێوانـەکانی ئـابووری ئـاوەژوو کاتـەوەو رەگ‌و ریـشەی ئابووری، بنجوبنەوانی ئابووری، خوێنمژین‌و چەوساندنەوە دەرخـات، و هـەر دوو لایەنـە کۆمەڵایەتییەکـەش خوێنمـژ‌و خوێنمـژراوەکان بـەقیتو زەق بەرامبـەر یـەکتر رابگرێـت. ئەوسا بۆیـە هـەر دەکرا رژێمێکـی نـوێی چاکتر‌و باشـتر بـۆ تـەلاری کۆمەڵایــەتی دابهێنــدرێ ئــەویش بــە خــەیاڵ لـێکردنەوە. ئـەو جـۆرە رژێمـە هـەر دەبوایـە لـەدەرەوەدا بەســەر کۆمــەڵی مــەوجوددا بــسەپێندرێ. ئــەویش بــە پروپاگەنـدە بـۆ کـردن‌و بەنموونـە نیـشاندان - ئەوەنـدەی نیشاندانیان لەتوانا دابێت - .

کەواتە ئەو جۆرە رژێمە کۆمەڵایەتییـە نوێیانـە بەچاکتر زانراوانـە. هـەر دەبوایـە ویـستراو یـان هـەر دەبوایـە خـەیاڵ



مەکتەبی بیروهۆشیاری

لێوەکراو یان هەر دەبوایـە بـەری ئـارەزووی چاك‌و ئـاواتی خۆش‌و نیازی پیرۆزیان بوایە: واتە دەبوایە هەر تۆباوی یان چــەندەی زۆرتــریش لەســەریان بنوســراباو بــدوابان. ئەوەندەش زۆرتر دەبوایە خەیاڵی باشـی مـرۆڤ بـە ئاسمـانی ئاوات‌و ئارەزووی چاکدا لەشەقەی باڵانیان دابا.

٢ـ لەئـەنجامی ئـەو گەشـەکردنە ناتـەواو ونەخـەمڵیوەی پەیوەندییـەکانی ئابووریشدا، هێشتا چینە نوێیـەکانی نـاو کۆمەڵی سەرمایەداری نەخەمڵیویش واتە بۆرژوازی‌و چینی کرێکــارانی نــوێ (پرۆلیتاریــا) هێــشتا نەخــەمڵیوبوون. بەتایبەتی چینی کرێکاران هێشتا بەدەڵەمـەیی بـوو هێشتا هەر بەجۆری گەڵاڵـە نـەکراوی چینێکی نـوێی کۆمەڵایـەتی بـوو هێشتا هیچ خـەباتی چینایەتی سـەربەخۆی خـۆی بـۆ خـۆی دەسـت پــێ نـەکردبوو، هێشتا هـیچ توانـای خـەباتی سیاسـی سەربەخۆشـی نـەبوو. واتـە هێشتا نـەوەك چینێك، چـینێکی تایبـەتی لەبۆتـەی خۆیـدا قەتیـسی خواردبـووەو لەناو قاوغی خۆیدا مەیی بوو. نەخەباتی سیاسەتی تایبەتی چینایەتی خۆشی دەستی پێکرد بوو.

ئەوسا کرێکاران هەر وەك توێژێکی زۆر لێکردوی کۆمەڵ، توێژێکی چەوساوەی ئازاردراوی کۆمـەڵ دەهاتنـە روو. بۆیـە هــەر دەکــرا مــرۆڤ بــەزەیی پێیــان بێــت‌و لــەدەرەوەدا

یارمەتییان بداتو لەسەریان هەڵبداتیێ، چونكە خۆیان نەیاندەتوانی، هەر دەبوایە كەسانی تر لەسەریان هەڵبدەنیێو لەسەریان بكەنەوە. ئەویش بەجۆرو شێوەیەكی گونجاو لەگەڵ رادەی گەشەكردنی خۆیان وەك چینێكی تایبەتیو رادەی گەشەكردنی پەیوەندییەكانی ئابووری ئەوسا.

جا كەواتە لەو سەردەمەدا سۆسیالیزم نەدەكرا تۆباوی نەبێت بۆیە هەر دەبوایە بەو جۆرە بێت كە هەلومەرجی بابەتی گەشەكردنی كۆمەلایەتیو هەلومەرجی بابەتی مێژوو دیاری دەكرد. ئەوسا سۆسیالیزم هەر دەبوایە زۆرتر بە ئاسمانی ئارەزووی خۆش خەیاڵی چاك دابنرێتو بخولێتەوە. هەرچەندە تا دەهات رووداوەكانی مێژوو گەشەكردنی كۆمەلایەتی، راپەرینو شۆڕشەكان، بیری زاناو هۆشی بلیمەتەكانیان رادەكێشایەوە بەرەو رووی زەمینو بەرەو كۆمەڵی مرۆڤ: واتە لەئاسمانی خەیاڵو لێكدانەوەی بالآفرو ویستو ئارەزووی چاكو خۆشەوە بۆ ناو واقیعو سەر زەمینی رووداوەكان، هەوڵو كۆششەكانی تێكۆشەرانی رێگەی رزگاری مرۆڤایەتیشیان رادەكێشا بەرەو چەقی رێگەی ململانێی راستەقینەو مەوجوودو مێژووكردی ناو



كۆمەڵی مرۆڤ، ناوچینەكانو توێژەكانی كۆمەڵ، بەلآم جۆری بیركردنەوەی تۆباوییانە تا نیوەی سەدەی نۆزدەمینیش هەر زاڵ بوو بەسەر بیروڕاكانی سۆسیالیستیدا، تا ئەوساش هەموو سۆسیالیستەكانی فەرەنساو ئینگلیز هەر پێوەی نوسابوون تەنانەت شیوعیەتی پێشوی ئەلمانیش بە (وتیلینك)یشەوە هەر گیرۆدەی سۆسیالیستی تۆباوی بوون. بەلایانەوە سۆسیالیزم دەربڕینی راستییەكی تەواو بوو، لێكدانەوەی هۆشو رەوایی بوو، بۆیە دۆزینەوەكەشی دەبێتە هۆی تێكشكاندنی دنیای كۆن، ئەویش هەر بەو هێزەی هۆشو رەواییو راستییەكەوە.

ئەو جۆرە بۆچوونو لێكدانەوە تۆباوییانەش وردە وردە سۆسیالیزمی بەرەو جۆرێك لەسۆسیالیستی هەڵبژێردراوی لێڵ (اشتراكية اختيارية غامضة) برد. كە بۆ ماوەیەك لەناو سۆسیالیستەكانی فەرەنسەو ئینگلیزدا باوبوو. بەلآم ژیانو گەشەكردنی كۆمەلایەتیو ئابووری چینەكانو سەرهەڵدانی ململانێو خەباتی نێوان دوو چینە نوێیەكەی كۆمەڵی بۆرژوازیو كرێكاران تا دەهات راستییەكانی ناو كۆمەڵیان باشتر روون دەكردەوەو سۆسیالیزمیش لەگەڵیا بەرەو واقیعو زانینی واقیع دەچوو، واتە بەرەو زانیاری دەچوو



مەكتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

تاکو ببێتە سۆسیالیستی عیلمی، بیرو راکانی لەدنیای خەیاڵو ئارەزووی خۆشو ویستی باشەوە بێنەوە سەر زەمینو لەسەر گۆرەپانی واقیع بنیشنەوە ، سۆسیالیستەکەش ببێتە سۆسیالیستی عیلمی تەواو.

واتە: بۆ ئەوەی سۆسیالیزم بکرێتە عیلم، دەبوایە لەپێش هەموو شتێکدا لەسەر ئاستی واقیع دابندرێتو بەجۆرێك دابرێژرێت کە راستییەکانی زیندوی ناو جەرگەی کۆمەڵ لەخۆیدا بنوێنێتو وەزعی هەر چینەو نێوانی ئۆرگانیکییانو ناکۆکیو ململانێو خەباتی نێوانیان باش بزانێت. بەو رێگەیەش بزانێت کە ئەو ململانێیەی نێوانیانو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بەسەریا تێپەر دەکەن، بەرەو لەبنەڕەتەوە چارەکردنی ناکۆکییە راستەقینەکانی ناو کۆمەڵو لابەلاکردنی خەباتی نێوان چینەکانی بەپێی قانوونەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو بۆ لەڕەگو ریشە هەڵکەندنی ماکی چەوساندنەوەو زۆرداری. واتە رزگاری تەواو یەکجارەکی کۆمەڵی مرۆڤ بەگشتی، کە ئەمەش دەکاتە کردنی سۆسیالیزم بە عیلمو کردنی سۆسیالیزمی علمیش بەچرای رێگەی ئەو خەباتی رزگارییە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# سۆسیالیزم
# بەرەو زانینی راستەقینە
# بەرەو زانیاری (علم)



مەکتەبی بیروهۆشیاری

گەشــەکردنی کۆمــەڵی مــرۆڤ لــەقۆناغی ســەرمایەداری هەمەلایـەن بـوو. لەلایەکـەوە کۆمـەڵی سـەرمایەداری بەرەو گەشـەکردنی ئـابووری (لەزراعـەتو سـەناعەتو تیجارەتـدا) دەچـوو، لەلایـەکی تریـشەوە بـەپێی پێویـستیەکانی ئـەو گەشــەکردنەش گەشــەکردنی زانیــاری جیاجیــاو جــۆراو جـۆریش بـەدی دەکـرا. زانـینو فێربـوونی مـرۆڤیش بـۆ پێـــشەوە دەچـــوو. فەلـــسەفە عیلمـــە، جیاکـــانیش، بـــە سیاسەتیـشەوە، بـە عیلمـی ئابووریـشەوە، پـێش دەکـەوتنو گەشەیان دەکرد.

بەو جۆرە دەبیـنین کـە گەشـەکردنی سـەناعەتی گـەورەو پەرەسەندنی لەلایەكو زاڵ بوونی سیاسی بـۆرژوازی بەسـەر کۆمەڵدا لەلایەکی ترەوە، بوونـە هـۆی خەملانـدنی هـەردوو چینی بـۆرژوازیو کرێکاران. دیارە بـۆرژوازی پـێش چـینی کرێکار کەوتبوو، ئەو زووتر گەشەی کردبوو، چاکتر خەملێو بـوو، باشـــتر دەســـکەوتەکانی خـــۆی زانیبـــوو، هەربۆیـــەش بـەگوێرەی گەشــەکردنی کۆمەڵایــەتیش - توانیبــووی زاڵ بێتو جڵەوی کاروباری کۆمەڵ بگرێتە دەست.

بۆرژوازی لەخەباتی خۆیدا دژی دەرەبەگایەتیو شـازادەو خانەدانـــــەکان، دروشمـــــەکانی نەهێـــــشتنی زۆرداری، سەربەســـتیو ئـــازادیو برایـــەتیو وەك یـــەکیی هـــەمووانی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هەڵگرتبوو، داوای دیموکراتیو مافی دەکرد چونکە لەرووی ئابووریو سیاسیو هۆشیاریشەوە لەسەرووی هەموو چینەکانی رەنجدەریشەوە، بوو توانیبووی ببێتە پێشرەوی گۆڕاندنەکانو رێبەری خەباتی هەموو چینو توێژە زۆرلێکراوەکانی کۆمەڵیش. بەڵام کە چینەکان، بە تایبەتی بۆرژوازی سەناعیو تیجاری نوێ لەگەڵ چینی کرێکارانی نوێ لێك جیابوونەوەو هەر یەکە لە قاوغو بۆتەی خۆیاندا توانەوەو قاڵ بوونەوە، کە چینی بۆرژوازی دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵی گرتە، دەستو دەربەگو خانەدانەکانی لەحوکم داگرت ئەوسا راستەوخۆ گیروگرفتو کوێرەوەرییەکانی کۆمەڵی رەنجدەر رووبەرووی خۆی بوونەوە، زۆربەی ئەو شتانەی پێشتر کۆمەڵ لێی دەچێشت هەرمانەوەو هەندێکیان خراپتر بوونو چەوساندنەوەو خوێنمژینی چینایەتیش هەر مایەوە بەڵام شێوەکەی گۆڕا.

ژیانی کرێکارانو رەنجدەران هەر پڕ بوو لەکوێرەوەریو هەژاریو نەداریو زۆربەی زۆری داخوازییە ئابووریو سیاسیەکانیشیان هەر پشت گوێ خران. ئەوەش بووە هۆی خەباتو ئینجا راپەڕینی کرێکاران لەدژی زۆردارە نوێیەکانیان، لەدژی خوێنمژەکانی خۆیان کە چینی بۆرژوازی بوو. یەکەمین راپەڕینی کرێکاران لەساڵی ١٨٣١دا



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەشاری لیونی فەرەنسا دەستی پێکرد. لەساڵی ١٨٣٨ەوەش تا ١٨٤٢ یەکەمین جوڵانەوەی سەرتاسەری کرێکارانی ئینگلیز ناسراو بەجوڵانەوەی چارتیستەکان (پەیمانبەستەکان) گەیشتە لوتکەی خۆی.

بەم جۆرە خەباتی چینایەتی لەنێوان سەرمایەدارانو بۆرژوازیەکاندا هاتە سەر شانۆی مێژوو، ئەویش لەپێشکەوتووترین وڵاتانی ئەوروپادا. رووداوەکان تا دەهات چاکتر ئەم راستییەیان دەردەخست کە گوتەو بۆچوونەکانی ئابووری سیاسی بۆرژوازی دەربارەی یەکێتی دەسکەوتەکانی کارو سەرمایەو پێکەوە گونجانی تەواویانو بەسترانەوەی بەختیاریو خۆشحاڵیو ژیانباشی گەل هەمووی بەندە بە ئازادی مونافەسەوە. کە ئەوانە هەموویان فرتوفێڵو درۆو دەلەسەی سەرمایەدارەکانن. ئەو راستییە ئاشکرا بووە نوێیانەش نەدەکرا نا دیدە بگیرێنو رەنگ نەدەنەوە. هەر بۆیەش با بەناکاملێش بوو بێت، بەڵام لەناو سۆسیالیزمی فەرەنسیو ئینگلیزیدا رەنگی خۆیان دایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نهێنییەکانی ئوسلوبی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەرنەکەوتبوون.

هێشتا قانونەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی پێیان نەزاندرابوو. بەڵام رووداوە نوێیەکانو گەشەکردنی زانیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەلسەفی وایان کرد کە سەر لەنوێ بە مێژووودا بچنەوەو لەرووداوەکانی بکۆڵدرێتەوەو راستییە شاردراوەکانی ئاشکرا بکرێنو نهێنییەکان بزاندرێن. ئەوسا دەرکەوت کە مێژووی مرۆڤ لەوەتەی کۆمەڵەکەی بەسەر هەبوو "نەبوودا دابەش بووە، لەوەتەی رەنجدەرو رەنجخۆر پەیدا بوونە مێژووی خەباتو ململانێی نێوان چینەکان بووە: نێوان هەبوو" نەبووەکان، زۆردارو زۆرلێکراوان، بەشخوراوو بەشخۆران، خوێنمژو خوێنمژراوان.

لێکۆڵینەوەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیش دەریان خست کە پەیدابوونی چینەکانیش بەری پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانو ئاڵوگۆڕیان بوونە، واتە بەری پەیوەندیەکانی ئابووری سەردەمی خۆیان بوونە. بەگوتەیەکی تر دەرکەوت کە پێکهاتنی ئابووری (التركيب الاقتصادی) کۆمەڵ لەهەر قۆناغێکی دیاریکراودا بناغەی راستەقینەی هەموو سەرخانی سیاسیو قانوونیو فەلسەفیو حقوقیو بیروڕاو بۆچوونەکانی گونجاویش لەگەڵ ئەو قوناغە بووە. هەروەك دەریش کەوت کە سۆسیالیزم داهێنەری بیروهۆشی فلانە بلیمەتو فلانە لێزان نییە، بەڵکو ئەنجامی پێویستی خەباتی نێوانی دوو



مەکتەبی بیروهۆشیاری

چینە نوێیە تازە دروستبووەکەی مێژووە کە بۆرژوازیو چینی کرێکارانن، ئەرکی سۆسیالیزمیش داهێنانی رێژێمێکی کۆمەڵایەتی هەرە باشو رازاوەی بیرو خەیاڵ نییە، بەڵکو ئەرکەکەی دیراسەتی گەشەکردنی ئابووری مێژووییە. ئەو گەشەکردنەی بەناچاری ئەو دوو چینەی پێکهێناوەو ململانێو ناکۆکیشی لەنێوان دروست کردوون. هەروەك ئەرکەکەشی دۆزینەوەی ئەو وەسیلانەی وەزعە ئابوورییە، کەی پێکهاتووە لەئەنجامی ئەو گەشەکردنە ئابووری مێژووییە، ئەویش بۆ چارەسەرکردنی ئەو ململانێو ناکۆکییە. بەڵام سۆسیالیستەکان هێشتا باش لەو راستییانە نەگەیشتبوونو هەر چەندە زۆر دژی چەوساندنەوەی کرێکاران بوون کە لەئەنجامی شێوەو ئوسلوبی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە پەیدا بوو بوو، بەڵام هێشتا نەیان توانیبوو ماكو بنجی ئەو چەوساندنەوەیە بزانن، مەسەلەکەش بەوە چارە دەکرا کە:

<u>**یەکەمین:**</u> ئوسلوبی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەپەیوەندییە مێژووییەکانی خۆیدا شی بکرێتەوەو نیشان بدرێت کە هەروەك چۆن پەیدابوونی لەپلەیەکی دیاری کراوی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا ناچاری بووەو پێویست

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بووەو هەردەبوایە وابێت، ئا ئەوهاش نەمان و تیابردنیش هەر پێویست و ناچاری دەبێت لەدوارۆژدا، لەکاتی پێویستی خۆیدا.

**<u>دووەمین:</u>** تاوتوێی ئوسلوبی بەرهەمهێنان بکرێتەوەو نهێنییەکەی بدۆزرێتەوەو هەڵبهێندرێت ئەویش بەدۆزینەوەی، بەئاشکراکردنی، بەزانینی (القیمة الزائدة - زێدەبایی) بوو بە بەڵگەو بەئەژمار نیشان دراو دەرکەوت کە دەست بەسەراگرتنی بەری کاری نرخ نەدراو (واتە دزینی بەری رەنجی بەشێك لەکاری کرێکار بۆ ئەوەی مزەکەی بدرێت). ئەوەیە شێوەی بنەڕەتی ئوسلوبی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هەروەك شێوەی بنەڕەتی چەوساندنەوەی کرێکاریشە لەو ئوسلوبەی بەرهەم هێناندا واتە ئەوەبوو نهێنییە سەرەکیەکەی. ئوسلوبی بەرهەهێنانی سەرمایەداری بەو جۆرە دەبینین کە ئەو دۆزینەوە گرنگە. واتە لێکدانەوەی مەتریالیستی مێژوویی لەگەڵ دۆزینەوەی نهێنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەهۆی (القیمة الزائدة ــ زێدەبایی)ەوە بوونە مایەی ئەوەی سۆسیالیزم ببێتە زانیاری (علم). ئەو کەسەی ئەو دوو دۆزینەوەیەشی ئەنجامدا کارل مارکس بوو. جاکەواتە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سۆسیالیزمی سەردەم لەناوەرۆکیدا لەپێش هەموو شتێکدا بەری زانینی ناکۆکییە چینایەتیەکانی کۆمەڵی سەردەمە، ناکۆکی نێوان هەبوو-و- نەبوودە، نێوان سەرمایەداران و کرێکارانی بەکرێگیراودە. ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە بەری زانین و رەچاوکردنی پشێوی و فەوزای زاڵە بەسەر بەرهەمهێناندا.

مارکس و ئەنگلز کە پێکەوە سۆسیالیزمی عیلمییان جاڕدا. پێکەوە بناغەی تیۆری و فەلسەفی و سیاسی ئەو خەباتەیان داڕێژت کە کرێکاران دەبێ بیکەن لەپێناوی سۆسیالیزمدا. پێش ئەوان سۆسیالیزم بە خەیاڵ و بەئارەزوو لەئاسمانی ئاواتی خۆش و نیازی پاکدا لەشەقەی باڵانی دەدا. زانایانی سۆسیالیزمی پێش ئەوان لەئاسمانی بیروبۆچوون و داهێناندا باسیان لەسۆسیالیزم دەکردو ئاواتیان بۆ دەخواست و خەباتیان بۆ دەکرد. بەڵام ئەمان سۆسیالیزمیان هێنایەوە سەرزەوی، هێنایەوە ناو کۆمەڵ، ناو چینەکانی کۆمەڵ و بردیانە سەر بنج و رەگ و ریشەی خۆی لەناو پەیوەندیەکانی ئابووری نێوان چینەکانی سەرمایەداری و کرێکاران، نێوان رەنجدەران و رەنجخۆراندا.

مارکس و ئەنگلس سۆسیالیزمیان دانەهێنا، پێش ئەوان زۆر کەس باسی سۆسیالیزمی کردبوو. هەروەك

کۆمۆنیزمیشیان دانەهێناوە، چونکە پێش ئەوان بەزۆر باسی لێوەکراوە. بەڵکو مارکسو ئەنگلز سۆسیالیزمیان کردە زانیاری، واتە عیلم. عیلمیش کۆمەڵێك زانینی راستییەکانی ناو کۆمەڵ یان تەبیعەتە، کە لەئەنجامی تاقی کردنەوەی راستو ڕەوای رووداوەکانو دیاردەکانو سەرکەوتنی بۆچوونەکان لەتاقیکردنەوەدا دروست بووە. بۆیە کە دەڵێن شتێك زانستییە (علمییە) لەپێش هەموو شتێکدا دەبێ راستو رەوا بێت. راستیش ئەوە دەگەیێنێ کە دەبێ وابێت واتە کە ئەوەی دەیڵێن لەسەر هەر شتێك وابێت، دەق وابێت. کە دەگوترێ بۆ نموونە گەر دەستمان لەسەر شتێك داناو گوتمان ئەوە فلانە شتە گەر وابوو ئەوە راستە گەر وانەبوو ئەوا راست نییە واتە راستی رەنگدانەوەی واقیعە هەر بۆیەش راستییەکان لەواقیعەکانەوە هەڵێنجرێن هەر بۆیەش هەر گوتەو بۆچوونو تیۆرو بیرو رایەکیش وانەبێت ئەوا راست نابێت. چاکترین بەڵگەش بۆ ئەوەی وابن ئەمەیە کە لەتاقیکردنەوەدا وا دەرچێت وەك دەگوترێ واتە گۆتەکە، تیۆرەکە، رەئیەکە لەگەڵ واقیع یەك بگرێتەوەو گونجاو بێت.



بەڵێ پێش مارکسو ئەنگلزیش زاناکانو پیاوچاکان باسی سۆسیالیزمیان کردوە، بەڵام سۆسیالیزم وەك عیلمی، وەك زانیاری هەڵێنجراو لەواقیعی کۆمەڵایەتییەوە لەسەر دەستی ئەو دوو زانایە دۆزرایەوەو تیوریەکەی دارێژرا. سۆسیالیزمیش کە گەشەی پیدراو بە شێوەیەکی عیلمی دارێژرا کرا بە چرای رووناك کەرەوەی خەباتی چینی کرێکاران. سەرچاوەکانی ئەو سۆسیالیزمە عیلمیەش بریتین لەسۆسیالیزمی فەرەنسی + ئابووری سیاسی ئینگلیزی+ فەلسەفەی ئەڵمانی. بۆیە بۆ چاکتر تێگەیشتنی سۆسیالیزم دەبێ باشتر لەو (٣) سێ سەرچاوەیەش بکۆڵینەوە: کە دیارە ئەمە ئەرکی ئەم باسە نییە، بەڵام سۆسیالیزم کە عیلم بێت وەك هەموو عیلمێکیش گەشە دەکات، بەرەو پێشەوە دەگۆڕێتو دەخەملێت. واتە ناگرێو ناشێ بەدینو مەزهەب بدرێتە قەڵەم بەڵکو دەبێ وەك عیلمێکی زیندوی هەمیشە گەشەکردووی بناسین. سەرەتاکانی سۆسیالیزمی عیلمیش هەر لەگەشەکردن پێشکەوتندان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# جولانەوەی کرێکاران بەرەو سۆسیالیزم



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەورووپای سەرمایەداری دوو چینی نوێی هێنایە سەر شانۆی مێژوو: چینی بۆرژوازی‌و چینی کرێکاران (پرۆلیتاریا). چینی بۆرژوازی کاربەدەستو دەسەڵاتدار بەسەر هەموو کۆمەڵدا وەك خوێنمژو چەوسێنەرەوەی کرێکاران‌و ڕەنجدەرانی کۆمەڵیش، چینی کرێکارانیش وەك ڕەنجدەری بەشخوراو چەوساوەو زۆرلێکراو.

چیتر حوکمڕانی خانەدان‌و شازادەکان‌و دەرەبەگەکانیش نەمابوو تاکو ناکۆکی نێوان بۆرژوازی‌و پرۆلیتاریا داپۆشێت، یان بکەوێتە نێوانیانەوە. واتە بۆرژوازی‌و پرولیتاریا ڕووبەڕووی یەکتر بوبوونەوەو ناکۆکییەکانی نێوانیان زەق‌و ڕەق دیارو ئاشکراو تاکودەهاتیش توندتر دەبوو، خەبات‌و ململانێی حەتمیش کە لەو ناکۆکی‌و چەوساندنەوەیە پەیدا بوبو تا دەهات ڕوو لەپەرەسەندن‌و هەڵچوون بوو، تا ئەوە بوو لەشارەکانی فەرەنسا بۆ یەکەمین جار ڕاپەڕینێکی کرێکاری لەساڵی ١٨٣١ ڕوویدا. لەساڵی ١٨٣٨ـ ەوە تاکو ١٨٤٢ یەکەمین جولانەوەی کرێکاری کە سەرتاسەری بەریتانیای گرتبۆوە گەیشتە تۆپەی خۆی، ئەو جولانەوەیەی کە بە (جولانەوەی چارتیستەکان) ناسراوە لەمێژوودا.

بەو جۆرە ناکۆکی‌و ململانێ‌و خەباتی نێوان کرێکاران‌و سەرمایەداران هاتە سەر شانۆی مێژووی گەلان. لەپێشەوە،

لەدەستپێکدا بەجۆرێ خەباتی ئابووریو سەندیکایی (نەقابی)، ئینجا وردە وردە خەباتی سیاسیش، ئەو خەباتەی کە لەسییەکانی سەدەی نۆزدەمدا خۆی لەهەندێ ڕێکخراوی سیاسی کرێکارانو پاشان لەراپەڕینو خۆپیشاندانەکانی راپەڕینی ١٢ی ئایاری ١٨٣٩ی پاریسو شۆڕشی ١٨٤٨- ١٨٤٩ی ئەڵمانیادا خۆیان نواند. هەروەك لەو جولانەوە سەربەخۆییەی کرێکارانی ئەڵمانیاش خۆی دەنواند کە لەساڵی ١٨٣٦- ەوە دەستی پێکردو لەساڵی ١٨٥٢دا تەواو بوو. ئەو جولانەوەیەی کە لەهەمووئەو ولاتە خوێندەوارانەدا بلاوبوبۆوە کە کرێکارانی ئەڵمانی تێدا بلاو دەبونەوە واتە ئەو جولانەوەی دەستپێکی سەرەتای جولانەوەی کرێکارانی گێتی چەرخی نۆزدەم بوو. جا هەر بۆیەش بۆ ئەوەی باشتر لەبلاوبونەوەی بیروباوەڕی سۆسیالیستی لەناو کرێکارانی ئەوروپا بگەینو بزانین چۆن جولانەوەی کرێکارانیش بەرەو سۆسیالیزم رۆیشتووە ئەبێ شوێن پێی جولانەوەی کرێکارانی ئەڵمان لەولاتانی ئەوروپا هەلگرینو لێی ورد ببینەوە، تاکو ببینینو بزانین چۆن ئەو بەرەو سۆسیالیزم چوونە هاتۆتە کایەوە. بە تایبەتی چونکە ئەو کرێکارە ئەڵمانیانە لەزۆربەی ولاتە گرنگەکانی ئەوروپا بلاوبووبوونەوە: ئەڵمانیا، نەمسا، مەجەر، سویسرا،



فەرەنسا، هۆڵەنداو بەلجیکا، بریتانیاو..... هتد. لەناو ئەو ولاتانەشدا هاوکاریو هاوبەشی خەباتی کرێکارە ژیرو هۆشیارەکانی ئەوانیشیان دەکرد. وەك شێوەی گەلاڵەکراوی جولانەوەی کرێکارانی ولاتانی ئەوروپایان لەجولانەوەو ڕێکخراوەکانیاندا دەنواند با بەشێوەیەکی سادەو سەرەتاییش بووبێت. هەروەك زووتریش بیروباوەڕی کۆمۆنیستیو هۆشیاری سۆسیالیستیان لەناو بلاو بووبۆوە.

هەر لەساڵی ١٨٣٤ـەوە- پەناهەندەکانی ئەڵمان لەپاریس ڕێکخراوێکیان هەبوو کە لەساڵی ١٨٣٦دا کرێکارو توندڕەوەکانی ئەو ڕێکخراوە بۆ خۆیان ڕێکخراوێکی تریان پێکهێنا بەناوی «کۆمەڵەی دادپەروەران»، ئەو ڕێکخراوە نوێیە زوو گەشەی کرد. لەسەرەتادا وەك لقە ئەڵمانییەکەی کۆمۆنیستی کرێکاری فەرەنسی کە پەیڕەویان لەرەوشتەکانی (بابۆف) دەکرد کە جۆرە شیوعیەتێکی سادەی ماڵ تێکەلاو بوو. هەروەك کۆمەڵەکە باوەڕی بە پیلانگێڕانو بەزۆر خۆ سەپاندن نەبوو، نەك بەکاری جەماهیری، نێوانیشیان زۆر خۆش بوو لەگەڵ «ڕێکخراوی وەرزەکان»ی بلانکیو باربیس کە دوو سەرکردەی شیوعیەتی ئەو سەردەمە بوون. هەر بۆیەش لەراپەڕینی ئایاری ١٨٣٩ی پاریسدا بەشدارییان کرد. کە راپەڕینەکەش

ژێر کەوت ئەوانیش شکانو دوو سەرکردەی کۆمەڵەکەیان
بەناوی (کارل شابەرو هەزیخ باوەر) دەستگیرکرانو پاشان
لەفەرەنسا دەرکران. ئەو دووانە پاشان لەگەڵ مارکسو
ئەنگلز یەکیان گرتەوەو پێکەوە لەسەرکردایەتی ((کۆمەڵەی
کۆمۆنیستەکان))دا خەباتیان کرد. ئەو کۆمەڵەیەش بەری
یەکگرتنی کۆمەڵە جیاجیاکانی کرێکارانی ئەڵمان بوو
لەئەوروپا، کە لە لەندەن شابەرو باوەرو مۆڵ کۆمەڵەی
دادپەروەرانیان پێکهێنابوو، کەچی لەسویسراش کۆمەڵی
هۆشیاری کرێکارانی ئەڵمان لەساڵی ١٨٤٠ەوە دامەزرابوو
بەهۆی کۆمەڵەی هۆشیارییە کۆمەڵەی دادپەروەران،
کرێکاری زۆری رادەکێشا بۆ خۆی، چونکە لەهەر شوێنێك
دامەزراندنی کۆمەڵەی کرێکارانی سیاسی قەدەغەبا، ئەوا
بەهۆی کۆمەڵەی هۆشیاری یان کۆمەڵەی گۆرانبێژو یاریو
وەرزشو..... هتد کرێکارانی ئەڵمان کۆدەکرانەوەو
هۆشیاری سیاسیان لەناودا بڵاودەکرایەوە. بەو جۆرە
کۆمەڵەی دادپەروەران پەلوپۆی بەزۆرلادا هاوێشت.
لەسویسرا ویتلینگو بیکەر کۆمەڵێکیان پێکەوەنا کە
پەیرەوی لەکۆمۆنیستی ویتلینك دەکرد. هەروەك پاشان
لەپاریسو شوێنی تریش لقی ئەو کۆمەڵەیە دامەزرێندران.
شان بەشانی ئەوانیش کرێکارانی وڵاتانی تریش هاتبوونە



جوڵانو خەبات. بەتایبەتی لەشاری لەندەن کۆمەڵەکە وردە
وردە بووە کۆمەڵەیەکی فرەنەتەوە: جگە لەکرێکارانی
ئەڵمان کرێکارانی ئەسکەندیناڤیو هۆڵەندیو مەجەریو
چیکیو سلاڤیەکانی باشوورو رووسو ئەلزاسیەکانیشی تێدا
بەشدار بوون.

بەم جۆرە کۆمەڵەی دادپەروەران بووە کۆمەڵەیەکی
ئومەمی (فرەنەتەوە) دروشمەکەشی بریتی بوو لە ((هەموو
کەس بران)).

بەڵام مارکسو ئەنگلز بەجیا درێژەیان بەخەباتی خۆیان
دەدا، هەر چەندە لەگەڵ هەموو شۆڕشگێڕانو
رێکخراوەکانی کرێکارانیش کەمو زۆر پەیوەندییان هەبوو،
بەڵام تا دەهات بیروراکانیان باشتر بڵاودەبۆوەو خەڵکی
هۆشیاری لێ دەئالاو کاریشیان دەکردە سەر کۆمەڵەکە
خۆشی، تا وای لێهات زۆربەی سەرکردایەتییەکانی کۆمەڵەی
دادپەروەران هاتنە سەر بیروبۆچوونەکانی مارکسو
ئەنگلزو ئەوە لەساڵی ١٨٤٧دا - یوسف مۆڵ - یان ناردە لایان
لەبرۆکسل تا داوایان لێ بکات بێنەوە ناو کۆمەڵەکەوە.
ئەوەشی پێراگەیاندن کە کۆمەڵە ئامادەیە کە بیروراکانی
کۆمۆنیستی ئەوان بە بەیانێك بڵاوبکاتەوەو ماوەشیان دەدا
سەر لەنوێ کۆمەڵەکە رێك بخەنەوە. ئەوانیش هەردووکیان

پەسندیان کرد کە بچنە ناو کۆمەڵەکەوە. دەستیان کرد بەدامەزراندنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە لەبرۆکسل‌و پاریسدا لەهاوینی ١٨٤٧دا لەیەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەکەدا ناوەکەی گۆڕاو کرا بە ((کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان)). ڕێکخستنەکەشی سەر لەنوێ لەسەر بناغەی دیموکراتی تەواو داڕێژرایەوە. لەکۆنگرە کۆمیتەی ناوەندی‌و دەزگاکانی سەرکردایەتی‌و لق‌و ڕێکخراوەکان داندران. ئامانجی کۆمەڵە بوویە:

روخاندنی سەرمایەداری دەسەڵاتدارو چەوسێنەری پرۆلیتاریاو نەهێشتنی کۆمەڵگەی کۆنی بۆرژوازی کە لەسەر ناکۆکی چینایەتی دامەزراوەو داهێنانی کۆمەڵێکی نوێی بێ‌چین‌و بێ‌موڵکایەتی تایبەت ــ بەتەوایش وازهێندرا لەپلانگێڕی‌و ئەرکی کۆمەڵەکەش لەکاتی ئاشتیدا کرا بە پڕوپاگەندەی رووت. پاشان کۆنگرەی دووەمینی کۆمەڵە لەتشرینی دووی ١٨٤٧دا بەسترا. لەو کۆبونەوەیەدا مارکس‌و ئەنگلزو زۆربەی سەرکردەکانیش بەشدارییان کرد. دوای دە رۆژ لێکۆڵینەوەو لێدوان هەموو ناکۆکییەکان چارەکران‌و بەگشتی دەنگ سەرەتاکانی نوێ پەسند کران. بریایش درا کە مارکس‌و ئەنگلز بەیاننامەی ئەو کۆمەڵەیە بنووسن، ئەوە بوو هەردووکیان لەسەرەتای ساڵی ١٨٤٧دا بەیاننامەی بەناوبانگی ((مانیفێستی کۆمیۆنیست)) یان



نووسی‌و بڵاویان کردەوە. دروشمی کۆمەڵەکەشیان کرد بە ((ئەی کرێکارانی هەموو وڵاتان یەکگرن)) لەجیاتی دروشمی ((هەموو کەس بران)).

ئا ئەوها یەکەمین ڕێکخراوی جیهانی ((ئومەمی)) کرێکاری لەدنیا پەیدا بوو. ئەوەش یەکەمین هەنگاوی کاریگەری هۆشیارکردنەوەو سازدانی جوڵانەوەی کرێکاران‌و پەروەردە کردنیان بەبیروباوەڕی سۆسیالیستی عیلمی بوو. ئەو ڕێکخراوە هەوینی بە سۆسیالیستیکردنی جوڵانەوەی کرێکارانی دنیا بوو. سەرکردە ناودارەکانی ئەو کۆمەڵەش بریتی بوون لە:

کارل مارکس، کارل شابەر، هەزیخ باوەر، فریدریك ئەنگلز، یوسف مۆڵ، ویلهیلم ڤۆلف. کە پێکەوەییان کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەیان پێك دەهێنا.

هەر دوای پێکهاتنەوەی کۆمەڵەش بەو شێوە تازەیەی رووبەڕووی شۆڕشی شوباتی دیموکراتی ئەڵمانیاو راپەڕینی حوزەیرانی ١٨٤٨ ی پاریس بوونەوە کە یەکەمین رووبەڕووبوونەوەی کرێکارانی فەرەنسا بوو لەگەڵ بۆرژوازی لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕش لەئەڵمانیا. مارکس‌و هەندێ لەسەرکردەکانی کۆمەڵەش چونەوە ئەڵمانیا، لەوێ مارکس دەستی کردەوە بە دەرچواندنەوەی (نۆیە راینیشە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تسایتونك  ـ رۆژنامەی راینی نوێ) کە کردیە ئۆرگانی بیروڕای پڕۆلیتاری شۆڕشگێڕ لەجولانەوەی دیموکراتی ئەڵماندا. بەڵام دوای دامرکاندنەوەی راپەڕینی ئایار لەدریسدنو هەرێمی راینداو پاش هێرشی لەشکری بروسیا بۆ سەر راپەڕینی بادن ـ بلاتینا، حکومەت ئەو هێزەی بەخۆیەوە دی کە رۆژنامەکە داخاتو مارکس دەرپەڕێنێتەوە بۆ پاریس. لەوێش دوای خۆپیشاندانەکەی ١٣ی حوزەیرانی پاریس مارکسیان ناچارکرد بچێتە لەندەن.

لەساڵەکانی ١٨٤٨ـ تا ـ ١٨٤٩ چەندین راپەڕینی دیموکراتیو کرێکاری لەئەڵمانیاـ نەمسا (ڤیەننا)و پاریسو مەجەر روویاندا، بەڵام هەموویان دامرکێندرانەوە. دوای دامرکاندنەوەی ئەو راپەڕینانە بە ژێرکەوتنی راپەڕینی ئایاری ئەڵمانیاو دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانی پاریسو هاڕینی راپەڕینی مەجەر لەلایەن لەشکری رووسەوە قۆناغێکی تەواوی شۆڕش لەئەوروپا دوایی پێ هات. کۆنە پەرستی باڵی رەشی بەسەر ئەوروپادا کێشایەوە، جا لەکاتێکدا هێزەکانی رێژیمی سەرمایەداری لەگەشەکردن بوونو هێزەکانی بەرهەمهێنانیان لەپەرەسەندنو ئیزدیهاردا بوون، چیتر ماوەی رەچاوکردنی شۆڕشێکی راستەقینە نەما، چونکە شۆڕش هەر لەو کاتوساتەدا



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مومکین دەبێت کە ناکۆکییەکانی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنو شێوەکانی بەرهەمهێنان لەپەرەسەندنو تەقینەوەدابن. بۆیە مارکسو ئەنگلزو کۆمەڵە دژی ئەوانە وەستان کە پێیان وابوو (شۆڕش دروست دەکرێ)و لەدەرەوەی کۆمەڵەوە دەشێو دەکرێ تاقمی چەکدار دروست کرێتو بنێردرێتەوە وڵات بۆ بەرپاکردنی راپەڕین. جا لەکاتێکدا لەپاریسو لەندەن هەندێ لەشۆڕشگێڕانی ناواقیعی کرێکارانیان هان دەداو رێکدەخست بۆ پێکهێنانی دەستەی چەکدارو دەیان ناردنەوە وڵات. کۆمەڵە بەتوندی دژی ئەو یاریکردنە بوو بەئاگری شۆڕشو پێیان وابوو شۆڕش رووداوێکی کۆمەڵایەتییە لەناو جەرگەی کۆمەڵەوە هەڵدەگیرسێت ئەویش لەکاتو ساتی خۆیدا کە هەموو شەرتەکانی بابەتیو تایبەتی دێنەدی.

لەسەر ئەوە ناکۆکیو دووبەرەکی کەوتە ناو جوڵانەوەی کرێکارانەوە، لەدوای سەرکەوتنی کۆنەپەرستیو دامرکاندنەوەی راپەڕینەکانو حوکمدانی ئەندامانی کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان لەکۆلۆنیا، چیتر مارکس چالاکی هاندەرانەو شۆڕشگێرانەی هاندەری درێژە پێنەدا، بەڵکو لەو راستییە گەیشت کە سەردەم گۆڕاوەو جوڵانەوەی کرێکاران لەپاشەکشەدایەو چیتر کاری ئاشکرای شۆڕشگێڕانە

لەتوانا دانییە، بەڵكو سەردەم سەردەمی خۆسازدانەوەی فیكرییە، سەردەمی كاری فیكری هێمنانەو بەشێنەییە... تا جولانەوەی كرێكاران هەڵدەسێتەوەو دەبوژێتەوەو دێتەوە كایەی خەباتی فیعلی. بەو جۆرە دەبینین ماركس پیاوێكی واقیعبین بووە، بە ئارەزووی خۆی كاری نەكردووە. بەڵكو بەگوێرەی واقیعی جولانەوەی كرێكاران جولاوەتەوە، باوەڕی بەوە نەبووە كە لەدەرەوەی جولانەكەوە ئەتوانرێ نەخشەو پلانی بۆ دابندرێ، بەڵكو هەموو نەخشەو پلانێكی راست بەندن بەجولانەوەكەو گەشەكردنییەوە، بەهەڵچوون و نیشتنەوەیەوە، بە بوژاندنەوەو پێشكەوتنیەوە، یان بە پاشەكشەو دامركاندنیەوە بۆیە لەسەردەمی دامركاندنەوەی، جولانەوەكەدا ملی نایە دیراسەتو خوێندنەوەو خۆ سازدانەوەی فیكریو دەرسو پەند هەڵێنجان لەرابردوو. هەر بۆیەش دوای محاكەمەی شیوعیەكان لەكۆلۆنیا، كۆمەڵەی كۆمۆنیستەكانیان هەڵوەشاندەوە.

بەلام لە دە ساڵی دوای ئەوەوە، دیسان جولانەوەی دیموكراتی شۆڕشگێڕو جولانەوەی كرێكاران لەئەوروپادا بوژایەوەو هەڵسایەوە. ئەوسا ماركسیش هاتەوە سەر ئەو بیرەی كە كۆمەڵێكی نوێ بۆ كرێكارانی هەموو ئەوروپاو



ئەمریكا پێك بێنێتو بەجۆرێك كە شێوەی جیهانگیری جولانەوەی سۆسیالیستی تێدا بنوێنێت. ئەوە بوو ماركس، قۆزتەوە هەلی كۆبونەوەیەكی جەماهیری كە لە٢٨ـ ئەیلولی ١٨٦٤دا لەهۆڵی سانت مارتینیس لە لەندەن رێكخرا بۆ پشتیوانی كردنی گەلی پۆڵۆنیا كە تازە روسیا راپەرینەكەی بەزۆری زۆردار دامركاندبووە. لەو كۆبونەوەیەدا پێشنیاری پێكهێنانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی جیهانی (جمعیة الشغیلة العالمی) پێشكەش كردو بەگەرمی پێشوازی لێكراو لەو كۆبوونەوەیەدا ئەنجومەنە كاتییەكەی هەڵبژێردراو لەندەن كرا بەمەڵبەندەكەی.

بەو جۆرە كۆمەڵەی رەنجدەرانی جیهانی دامەزراو دەستی كردبەخەباتی بێووچان بۆ بوژاندنەوەو رێكخستنەوەی جولاندنەوەی كرێكارانی جیهان، بۆ بلاوكردنەوەی بیروباوەڕی سۆسیالیستی عیلمی لەناویاندا، بۆ موتوربەكردنی جولانەوەكەی كرێكاران بە بیروباوەڕی سۆسیالیزمی عیلمی تاكو رێكخراوی سیاسی كرێكارانی لێوە پێك هات. ئەوەبوو لەساڵی ١٨٦٩دا پارتی كرێكارانی سۆسیال دیموكراتی ئەڵمان وەك هێزێكی گەورە هاتە كایەوە، كە لەشاری ئیزناخ لە ٧ ی ئابی ١٨٦٩دا بەسترا. لەكۆنگرەكەشدا سۆسیال دیموكراتەكانی ئەڵمان و نەمساو

سویسره بەشداربوون بەڵام لەساڵی ١٨٧١دا ڕووداوێکی گرنگ ڕوویدا. بۆ یەکەمین جار کرێکاران‌و ڕەنجدەرانی پاریس لەبەرەبەیانی ١٨ی مارتی ١٨٧١دا گوێی دنیایان پڕ کرد لەدروشمی ((بژی کۆمۆنە VIRE LA COMMUNE)). کە بانگەوازی یەکەمین ڕاپەڕینی کرێکارانی دنیا بوو - یەکەمین شۆڕشی سۆسیالیستی کۆمۆنەی پاریس لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابوو. بەشی زۆریان لەکرێکاران بوون. دەزگاکەی هەم دەسەڵاتی قانون دانان‌و هەم دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان هەبوو. هەردوو زەروە مشەخۆرەکەی کۆمەڵی هەڵوەشاندەوە کە لەشکری نیزامی‌و مەئمووری حکومەتین، لەجیاتی ئەوان خەڵکی چەکدارو مەئمووری هەڵبژێردراوی داهێنا کە موچەی هەرە گەورەیان بەقەدەر موچەی کرێکاران بوو. خوێندنی کردە خۆڕایی. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی بۆ هەموو گەڕەك‌و گوزەرو کارگەو لادێیەك داهێنا. کۆمۆنە لەناوەڕۆکیدا حوکمی چینی کرێکاران بوو. بەڵام جمهوریەتی کۆمۆنە لەسەر بناغەی دەزگا دیموکراتییەکان دامەزرابوو. هەموو دەزگایەك بەهەڵبژاردنی گشتی‌و ئازاد بوو، کۆمۆنە بەری خەباتی بەرهەمهێنەران بوو لەدژی چینی موڵکدارو سەرمایەداری خوێنمژ. چینی ناوەڕاست‌و مامناوەنجیش



لەگەڵ کۆمۆنە بوو، پشتیوان‌و بەشداری بوو. ئاڵاکەیان سوور بوو. دەسەڵاتەکەی بەدەست خەڵکی سادەو ڕەنجدەرو هەڵبژێردراوەوە بوو. بەڵام ئەو ڕاپەڕینەی کرێکاران لەخوێن‌و فرمێسکدا نقووم کرا لەلایەن خوێنمژانی سەرمایەدارو موڵکدارە گەورەکانی فەرەنساوە بەیارمەتی کۆنە پەرستانی داگیرکەری ئەڵمان. بەو جۆرە دەبینین ساڵەکانی دەیەی شەشەم (شەستەکان) ساڵی هەڵسانەوەو بوژاندنەوەو ڕێکخستنەوەی جوڵانەوەی کرێکاران بوون. ساڵی موتوربەکردنیان بوون بەبیروباوەڕی سۆسیالیستی عیلمی، کەچی دەیەی حەوتەمین (حەفتاکان) ڕاپەڕینی کرێکارانی پاریس‌و یەکەمین شۆڕش‌و یەکەمین حوکمی کرێکارانی فەرەنسا بوون. هەروەك ساڵانی لەدایك بوونی حزبەکانی سیاسی سەربەخۆی کرێکارانی سۆسیال دیموکرات بوون. ئەو حزبانەی کە بڕیارەکانی کۆبونەوەی لاهای کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی جیهانی لە ٢ - ٧ی ئەیلولی ١٨٧٢دا بناغەی پێکهێنانی حزبە سیاسیەکانی چینی کرێکارانی ئەوروپا چووە قۆناغێکی تازەوە.

لەشەستەکان ڕێکخستنی جوڵانەوەی کرێکاران باوبوو، ڕێکخستنی هەموو کرێکاران لەبۆتەی چینی کرێکاراندا، کەچی لەهەفتاکاندا ڕێکخستنی کرێکارانی سۆسیال

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دیموکرات لەبۆتەی حزبی سیاسی سەربەخۆی خۆیدا هاتە کایەوە. ئەو ڕێکخستنەش پێکهاتنی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکرات، لەدایك بوونی ئەو حزبانە نەك دروست کردنیان، واتە ئەو حزبانە لەئەنجامی موتوربەکردنی جوڵانەوەی کرێکاران بەبیروباوەڕی سۆسیالیستی عیلمی لەدایك بوون، نەك بەئارەزوو دروست کران. ئەو گواستنەوەیەش لەڕێکخستنی کرێکاران لەبۆتەی چینی خۆیاندا، لەخۆناسینیان کە چینێکی سەربەخۆن‌و دەسکەوتو هەڵوێستی خۆیان، هی تایبەتی خۆیان هەیە. بۆ خۆڕێکخستن لەحزبی سیاسی تایبەتی خۆیاندا گەشەکردنێکی گەورەی نەوعی بوو لەجوڵانەوەی کرێکاراندا:

سەرەتای ڕێکخستن‌و سازدانی هێزو توانایان بوو، لەپێناوی ڕوخاندنی بۆرژوازی‌و ڕزگارکردنی کرێکاران‌و ڕەنجدەران‌و هەموو کۆمەڵ لەزوڵم‌وزۆرو چەوساندنەوەو دامودەزگا مشەخۆرەکانی دەوڵەت

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

## ٢٠٠٧

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١٠ | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١١ | تیرۆرو سەقامگیری سیاسی و چەند لێکۆڵینەوەیەکە تر | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١٢ | کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢١٣ | دەستورو ژن | و: کامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| ٢١٤ | ژان ژاك رۆسۆ | کاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| ٢١٥ | مبدآ الفصل بين السلطات و وحدتها | القاضي / لطيف مصطفى أمين | ٢٠٠٧ |
| ٢١٦ | بنچینەکانی کورد | ن. ڤلادیمێر مینۆرسکی<br>و. نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢١٧ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | کارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢١٨ | کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران سائح | ٢٠٠٧ |
| ٢١٩ | زمانە فەرمیەکان | تاریق جامباز | |
| ٢٢٠ | ئەنفال و دادگا | سالار مەحمود | ٢٠٠٧ |
| ٢٢١ | نۆڤین | ـ | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٢ | الكرد | د.نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٣ | هەڵۆی سوور (چاپی دووەم) | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٤ | مام جەلال | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٥ | المدخل الى القانون الدولي الانساني | جبار سعيد محى الدين | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٦ | الكُرد اليوم | ت: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٧ | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |



مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٢٨ | ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٩ | ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان | و. کارزان عومەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٠ | تیرۆر | هیمداد مەجید عەلی | ٢٠٠٧ |
| ٢٣١ | گە نجە کوردەکان | فەرهاد پیرباڵ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٢ | بەعسیزم و کورد | سۆزان کەریم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٣ | بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان | محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٤ | شاری کەرکوك | پشکۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٥ | میرعەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٦ | فەلسەفە ـ ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم | و. شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٧ | عێراق، قەیرانی ئاسایش و ستراتیژێتی و بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێرکۆ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٨ | نۆڤین ژمارە ـ ١١ ـ | - | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٩ | الحقوق السياسية للكورد فى الدول التى تضم كردستان | ليلاف حمد أمين عزيز | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٠ | مێژووی شۆرشی ڕوسیا | لیۆن ترۆتسکی<br>و. عەزیز ئالانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤١ | دەروونناسی جەماوەری فاشیزم | ویلهلم رایش<br>و. هەژار جوانڕیی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٢ | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٣ | زارا ـ عەشقی شوان | محەمەدی قازی<br>و. عەزیز گەردی | ٢٠٠٧ |

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.